




# ئەرشیڤ.. بایەخ و گرنگییەکەی

ئازاد عەبدولواحید
(١- ٢)

* ئەرشیڤ، بە هەموو جۆر و شێوەکانییەوە، ئەو بەرهەمانەی گەلان و نەتەوەکان دەگرێتەوە کە بەدرێژایی مێژوو بەرهەم هاتوون و لە شوێنێکدا کۆکراونەتەوە و دەست بە دەست و نەوە دوای نەوە پارێزراون. ئەرشیڤ، بە تاقی تەنیا بریتی نییە لە بەڵگەنامە و دەستنووس و نەخشە و وێنەی فۆتۆگراف و... و...، بەڵکوو تۆمارکراوی دەنگی و ڤیدیۆیی و وێنەیی و هەر جۆرە دەربڕینێکی کولتووریش دەگرێتەوە، گرنگییەکەشی لەوەدایە یادگە و یادەوەریی کۆمەڵ، بۆ نەوەکانی داهاتوو لە فەوتان و ونبوون دەپارێزێ، کەرستەیەکی خاوە بۆ توێژەرەوەکان ماوەتەوە و دەخرێتەوە بەردەستیان، لەبەر ئەوەیە یادەوەری مێژوویی و کولتووری میللەتێک بە زیندوویی ڕادەگرێ، بۆیە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە بۆ توێژەران تاکوو پشتی پێ ببەستن، هۆکارێکی یارمەتیدەریشە بۆ زانینی قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵ و هونەرەکان کە بە درێژایی مێژووی ڕابوردوومان چۆن بووە و چۆن هاتووە.

* ئەرشیڤ، یەکە ئەرکی گرنگی ئەوەیە، بەرهەمە ڕەسەنەکانی باوک و باپیرانمان و دایک و داپیرانمان لەمەترسی لەناوچوون دوور دەخاتەوە، کەرستەی مێژوویی لە دەنگ و بەڵگەنامە و فیلم و وێنە دەپارێزێ، لەناو ئەوانەدا ئەرشیڤی ئێزگەیی و دەنگە تۆمارکراوەکان، لایەنێکی گرنگی مێژووی ئێمەن، بەتایبەتی لە ئێزگەکاندا کە ماوەی چەندان دەیە، دەنگ و بەسەرهات و ڕووداوی زۆر و بیروڕای کەسایەتییە هونەرییەکانی بەنەمری هێشتووەتەوە. ئەو ئەرشیڤە دەنگییەی دەمێنێتەوە، گرنگییەکەی لەوەدایە کە ڕووماڵی ڕووداوی مێژوویی، هەواڵی گرنگی ڕۆژ، بەرنامەی ڕۆشنبیری و هونەری و کۆمەڵایەتی، گفتوگۆ و چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتییەکانی دنیای هونەر و کولتوور و سیاسەت، گفتوگۆی گشتی لەبارەی هەموو ڕووداوەکانی ژیان، بەیاننامە و وتاربێژی- خوتبەکان، گۆرانی و مۆسیقا و تۆمارکراوی کەلەپووری، دەنگی بێژەران و هونەرمەندان و شاعیران و ڕووناکبیرەکان، ئەو بەرنامانەی کە داوونەریتی میللەتێک، شێوەی قسەکردن و گفتوگۆی کۆمەڵ و ئەو شتانەی بایەخی پێ دەدا، بۆمان دەهێڵێتەوە و بە ئەمانەت تا ئەمڕۆ بۆمانی هێشتووەتەوە.

* لەناو هەموو ئەو لایەنانەی ئەرشیڤ بایەخیان پێ دەدا، گرنگی پاراستنی دەنگی گۆرانیبێژانە کە بە بەشێکی زۆر پڕ بایەخ و زیندووی کەلەپووری ڕۆشنبیریی میللەتێک دادەنرێ، چونکە دەنگی گۆرانیبێژ و دەنگبێژەکە تەنیا وشە و ئاواز و میلۆدییەکان نین، بەڵکوو لەوانەش گرنگتر شێوازی وتن و شێوەزاری گۆرانییەکە، شێوازی تۆمارکردنەکە لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ و دەیهێنێ، هەروەها ئادگار و سیماکانی ئەو سەردەمەی تۆمارکراوەکەی تێدا بەدەردەکەوێ. بێگومان ئەرشیڤی دەنگی، بەتایبەتی ئەرشیڤی ئێزگەیی و پاراستنی دەنگی دەنگخۆشەکان زۆر گرنگە، ئەوە نەک هەر لە ڕووی هونەرییەوە، بگرە لەلایەنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کولتووریشەوە بایەخی زۆری هەیە، بە خۆڕایی نەگوتراوە گۆرانی، زمانی کوردی پاراستووە و بە ئەمڕۆی گەیاندووە.

«ماویەتی»